شیعر



## دڵسۆز حەمە

◆◆◆

١

هەرگیز بە راستم نەبوو
کە دەستم دایە جانتاکە،
دڵتەنگیم هەر لەسەر تاقی پەنجەرە و
خەیاڵم وەکو خۆی لە ئاوێنەکەدا، پەرش و بڵاو،
جلەکانم بە تەنافەوە کۆ نەکرابووەوە،
تاکێ گوارەم لە گوێدا و
تاکەکەی تر بە دەستی نەسیمەوە بوو
هەر کات بە پێشیدا رەت بووم، لە گوێم بکات،
هێشتا چاکەم لە پیاڵەکەدا گەرم و
دەنگم لە هێڵی تەلەفۆنەکەدا چرپەی دەهات،
بە راستم نەبوو کە رۆشتم
کەچی ژیان بە راستی بوو!

٢

ئەوە شەوە ئیتر، پایز
لە داڵغەلێدانی هاوین و
بێقسەیی بەهار و
مشەمشی لووتی زستان بێزار بوو
بە جانتا گەڵا و
جانتا گڤە و
جانتایەکیش شپرزەیی، ماڵی جێهێشت،
خۆی کرد بە ماڵی شەوێکی باڵابەرزی
برۆ پری قژ درێژی رۆماننووسدا
هەر ئەو شەوەش لەگەڵیا نووست
دوای نۆ لێزمە و
نۆ سەفەر و
نۆ باهۆز و
دەیانرێژنە گریانی ناوەختە،
منیان بوو...

٣

تۆ رۆژێک دێی
رەنگەکان لێرە نەمابن
رۆژێک دێی، زۆر لەوانەیە عاقڵ بووبێ خەیاڵم
ماسییەکانم
چەندان جار حەجیان کردبێ و تۆبەکار بن
رۆژێک دێی... رەنگە ئیتر من
زۆربەی ئومێد و دەنگ و هەرا و عەتری ناو جانتاکەمم... بەخشیبێتەوە
رۆژێک دێی رەنگە مردبم

خۆشەویستیش وەرزی خۆی هەیە... کوڕی باش.

٤

بە خەیاڵما دێت
چنگێ حەب بخۆم، لەم جێگەیە هەڵنەسمەوە
خۆم بهاومە ژێر شەمەندەفەرێک،
لەسەر ئۆتۆبانی پاریس- بەرلین
ئەمستەردام – برۆکسل
خۆم بە دەم بە بارهەڵگرێکدا و پەراش بم،
یان هێندە تیژ بئاژووم،
تا دەکەومە رووبارەکەوە و غەرق بم،
جارێکی تر بە سەر ئەو پردە راکشاوەدا
پیاسە نەکات دڵتەنگیم
بە خەیاڵما دێت، مەچەکی خۆم ببڕم
خوێنم ئازاد کەم لە زیندانی دەمارەکانم، تا دەمرم
وڵات بە لایەک،
غوربەت بە لایەک،
عەشق بە لایەک کوشتیانم.

٥

رەنگە
بۆ بەرجەستەکردنی تەنیایی و
نیشاندانی رەنگی ئازار بێت
خوا رۆژێک،
منی هەڵدایە سەر زەمین.

٦

وام دەزانی سەفەرە

بۆیە تا ئێستاش خەیاڵم لە جانتاکەمدا و
دڵم لە سلێمانی بەولاوە نەهێناوە لەگەڵ خۆم.

٧

خۆزیا
لە پێچی رێککەوتێکدا،
لە سەفەرێکدا،
ناو کەشتی و
بەلەم و فڕۆکە و ناو پاسێکدا،
لە هەر کوێ با،
لە دوورەوەش با،
بەختەوەریم بدیایە
هەر بمزانیبا رەنگی چۆنە،
لە چی دەچێت،
لێم پرسیبا:
بۆچی قەت رۆژێک لە رۆژان
رێی نەکەوتووەتە بەختی من!

٨

هەموو بوونێک بۆنی هەیە...، خیانەتیش،
هەموو بوونێک تامی هەیە...، پێکەوەبوونیش،

٢٠٠٩